نێچیرڤان بارزانی کردنەوەی کڵێسەی نوێی لە هەولێری پایتەختی کوردستان ڕایگەیاند

ئەوارەی ئەمڕۆ شەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە ڕێوەسمی کردنەوەی کڵێگە و کاتەدرائی نوێی پاتریەرکیی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیی ئاشووری لە هەولێر کرد کە بە ئامادەبوونی قەداستی پاتریارک مار ئاوای سێیەم، پاتریارکی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیی ئاشووری لە عێراق و جیهان، بەڕێوە چوو.

لە ڕێوەسمەکەدا کە ژمارەیەك لە وەزیران و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و دیپلۆماتکاران و پیاوانی ئایینیی و پەیەوانی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیی ئاشووری ئامادەی بوون، نێچیرڤان بارزانی، وتارێکی پێشکەش کرد بەم بۆنەیەو لە دەقەکیدا هاتوو: "زۆر خۆشحاڵم لێگە ئەوەی بەڕێز لەم ڕێوەسمەدا بەشدارم، پیرۆزبایی لە هەموو پێیەوانی کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیی ئاشووری دەکەم لە هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان و لە هەموو مەسیحییان بگشتی بە بۆنەی کردنەوەی ئەم کڵێگەیە".

هاتووش، "لێرەدا و بەم بۆنەیەوە بە ڕێز و پێزانینەوە یادی خوالێخۆشبوو قەداسەتی پاتریارك مار دەنخای چوارەم، سەرۆکی پێشووتری کەنیسەی ڕۆژهەڵاتیی ئاشووری دەکەینەوە کە بۆیاری دا کورسیی کەنیسەکە لە ئەمەریکاوە بگوازرێتەوە بۆ هەولێر، بەڕێام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا و بەرلەوە کۆچی دوایی کرد، یادی بە خێر و هیوادارین کردنەوەی ئەم

کاتەدراڵە گیانی شاد بکات".

نێچیرڤان بارزانی جەختیکردەوە کە ئەو بەیارەە بەیارەکی زۆر ئازایانە بوو، هەروەها متمانە و باوەڕی بە مەسیحییەکان دروست کرد کە لەە وڵاتی خۆیان بمێننەوە و کۆچ نەکەن.

بارزانی وتیشی،" هەموومان لە کوردستان لە بیرمانە کاتێک بارای ئۆباما سەرکی ئەمەریکا لە وتارە مێژوویییەکەیدا شەوی 7ی ئابی 2014 بەیاری ئەمەریکای بە ووبەووبوونەوەی داعش دا، گوتی: (هەوڵەر هەڵی سوورە بە ئەمە)".

سەرکی هەرەم ڕاشیگەیاند، "ئەو ئازادییەی لە هەرەمی کوردستان بەدیهات، بووە مایەی بووژانەوە بە هەموو نەتەوە و ئایین و پێکهاتەکان لە کوردستان، ئەو پێکەوەژیانە، کوردستانی خۆش کرد، ئەمە دەست لە بەهێزکردنی پێکەوەژیان هەڵناگرین و زیاتر پەرەی پێدەدەین".

لە کۆتایی وتارەکەی، نێچیرڤان بارزانی وتی: "لەرەدا زۆر سوپاسی وەزارەتی ئەوقاف و وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینیی حکوومەتی هەرەمی کوردستان دەکەم کە هەمیشە مامەستایانی ئایینی هان داوە بە بەهێزکردنی پێکەوەژیان، هەروەها زۆر سوپاسی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان و مامەستایانی ئایینی ئیسلام لە هەرەمی کوردستان دەکەم کە ڕێگر بوون لە بڵاوکردنەوەی وتاری دژایەتی و تەکدانی پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستان، لە هەمان کاتدا سوپاسی مەتران و پیاوانی ئایینی مەسیحی دەکەین لە هەرەمی کوردستان کە بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان نەداوە بە هیچ دەنگ و کردەوەیەکی ئیستیفزازی، یان هەڵسوکەوتێک کە دەی موسڵمانان یان ئایینەکانی دیکە لە هەرەمی کوردستان ئازار بدات و دژی هەموو گوفتار و کردارێکی بەو شێوەیە بوونە لە هەموو جیهان".